# بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ

## تویژینەوەیەکی مەیدانیە،لە زانکۆی سلێمانی ئەنجامدراوە.

**شنۆ حسن عبدالصمد**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: shnohassan56@gmail.com

**پەیمان عبدالقادر مجید**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: Paiman.majid@univsul.edu.iq

**پوختە:**

بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی گرنگ دەگێریت لە سەقامگیر بوون و ئارامی ژیان لە کۆمەڵگە و کار دەکات بۆ باشترکردنی سیستەمی کۆمەڵگە و پاراستنی یاساکانی و دەبێتە پاڵنەرێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی تاک لەئەستۆیەتی بەرامبەر خۆی و کۆمەڵگەکەی, هەروەها تاک دەکاتە تاکێکی پێگەیشتوو و هۆشیار بەرامبەر بە ماف و ئەرک و ڕۆڵەکانی و تێگەیشتوو لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و گشتیەکانی کۆمەڵگە و دەبێتە هاندەرێک بۆی تا بەشداربێت لە چارەسەرکردنیان .

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خۆد, بەرامبەر بە زانکۆ, بەرامبەر بە کۆمەڵگە, هەروەها زانینی جیاوازی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیان بە پێی گۆڕاوی (قۆناغی خوێندنی یەک و چوار, گۆڕاوی پسپۆری زانستی و مرۆیی )

کۆمەڵگەی توێژینەوەیەکەش سەرجەم خوێندکارانی بەکالۆریۆسی قۆناغی (یەک و چوار) ی کۆلێژە مرۆیی و زانستیەکانی زانکۆی سلێمانیە لە کەمپی نوێ بۆ ساڵی خوێندنی(2019-2012) ە , کەژمارەیان (6108) خوێندکارە, نموونەی توێژینەوەکەش(428)خوێندکارە وەرگیراوە لە کۆلێژی (زانستە مرۆڤایەتیەکان, یاسا, ئەندازیاری, زانست) کە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

بەشێوەی هەڕەمەكی ڕێژەیی چینایەتی وەرگیراون, شێوزای توێژینەوەكە وسفیە و پشتی بە میتۆدی ڕوپێوی كۆمەڵایەتی بەستووە, بۆ كۆكردنەوەی زانیاری فۆرمی پێوەری بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی بەكارهاتووە و ئامرازە ئاماریە بەكارهاتووەكان بریتین لە (هاوكێشەی ئاماری ئەلفا كرونباخ, ئامرازی پەیوەندی بێرسۆن, هاوكێشەی(t. test), لادانی پێوەری, ڕێژەی سەردی ) لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەكە پێی گەیشتووە بریتن لە: ئاستی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی لای خوێندكارانی زانكۆ لە ئاستیكی بەرزدایە بەرامبەر بە (خود, زانكۆ, كۆمەڵگە), هەروەها ئاستی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتیان جیاوازە بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن لەبەژەوەندی قۆناغی یەک و جیاوازە بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی لەبەژەوەندی پسپۆڕی مرۆیی ) .

لەكۆتایشدا توێژەر كۆمەڵێك پێشنیاز و ڕاسپاردەیەكی خستەڕوو بەپێی ئەو دەرئەنجامانەی پێیگەیشتووە .

**كلیلە وشەكان :** بەرپرسیارێتی، بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی، خوێندكارانی زانكۆ .

## پێشەكی

مرۆڤ هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە هەستی بەرپرسیارێتی تیادا بووە, ئەو بەرپرسیارێتیەی لەئەستۆی بووە وەک ئەركێک لەسەرشانی بووە جێبەجێی بكات, لەپێناو مانەو و بەردەوامبوونیان لەژیان و پركردنەوەی پێداویستیەكانیان, بەڵام بە گەشەكردنی كۆمەڵگەكان و پەرەسەندنی شارستانیەتیەكان, بەپرسیاریتیەكان لەچوارچێوەی یاسادا رێكخراون, بەجۆرێک لە بەرامبەر لادان لێیان و جێبەجی نەكردنی ئەرک و بەپرسیارێتیەكان سزا دانراوە, لەبەر ئەوەی پابەند نەبوون پێیانەوە و كەمتەرخەمی بەرامبەریان دەبنە مەترسی بۆ ژیانی ئەندامانی كۆمەلگە و ئاكامی زیانبەخشی دەبێت بۆیان .

بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتیش جۆرێكە لە جۆرەكانی بەپرسیارێتی, لەم سەردەمەدا و لەدوای بە دامەزراوەبوونی كۆمەلگەكان, بۆ هەر دامەزاوەیەک بەرپرسیارێتی كۆمەلایەتی بۆ ئەندامانی دامەزراوە دیاریكراوە وەک ئەركێک, لەبەرامبەریشیدا مافەكانی بۆ دیاریكراوە, هەموو ئەوانەش بەیاسا رێكخراون تا ئەو دامەزراوەیە بتوانێت ئەو ڕۆڵەی لەسەر شانیەتی بەرامبەر كۆمەلگە ئەنجامی بدات و كار بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی بكات, چونكە بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی یەكێكە لە هۆكارەكانی رێكخستنی كۆمەڵگە و بەردەوام بوون و پاراستنی ئارامی و ئاسایش تیایدا كە پێویستی ژیانی مرۆڤایەتیە و هۆكاری مانەوەیەتی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# لایـەنی تیـۆری

## بـەشی یـەکەم ڕەگەزەکانی توێـژینەوە و دیـاریکردنی چەمکەکان

### یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەش بریتیە لە چڕکردنەوەی بابەتێک لەپرسیارێکی کورت و سەرەکیدا, پرسیاری سەرەکی لەو توێژینەوەیەشدا بریتیە لە (**ئایا بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر خۆی و زانکۆکە و کۆمەڵگە لە چ ئاستێکدایە ؟** )بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر چەند هەنگاوێکی تیۆری و پراکتیکی دەگرێتە بەر, تا وەڵامی ئەو پرسیارەی دەست بکەوێت .

### دووەم : گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیەش دوو لایەن لە خۆ دەگریت,ئەوانیش لایەنی تیۆری و لایەنی پراکتیکین:

**لایەنی تیۆری :**

یەکەم توێژینەوەی ماستەرە لەبەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەسەر بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ کرابێت لە بواری خوێندنی بالادا و بە تیشک خستنە سەر ئەو بابەت تیۆری و نوسراوناوی کە لەسەر بابەتەکە هەن و خستنەڕوویان ,سوودی دەبێت بۆ بواری زانستی کۆمەڵناسی و دوڵەمەندکردنی بوارەکە .

**گرنگی پراکتیکی :**

دەستکەوتنی کۆمەڵێک زانیاری و داتایە لە لایەنی مەیدانی توێژینەکەوە سەبارەت بە بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی لا خوێندکارانی زانکۆ کە دەبنە یارمەتیدەر بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە توێژینەوەکە مەبەستی بووە بەشێوەیەکی زانستی, هەروەها گەیشتنە بەکۆمەڵێک دەرئەنجام کەدەبنە سەرچاوەیەک بۆ خستنەڕووی چەندین ڕاسپاردە و پێشنیاز .

### سێیەم : ئامانجەکانی توێژینەوە:

1.خستنەڕووی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر خۆد.

2.خستنەڕووی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر زانکۆ .

3. خستنەڕووی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر کۆمەڵگە .

4.خستنەڕووی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن (یەک , چوار) و گۆڕاوی کۆلیژی (زانستی , مرۆیی) .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**چوارەم : دەستنیشانکردنی چەمک و زاراوەکان:**

دەستنیشانکردنی چەمکەکان و پێناسەکردنیان هاوکار دەبیت بۆ زیاتر ڕوونبونەوەی ئامانجی توێژینەوەکە و مانا و مەبەستی توێژەر لای خوێنەرانی, بۆ ئەو مەبەستەش ئەو پێناسانە هەڵدەبژێرێت کەنزیکترینن لە مەبەست و ئامانجی توێژینەوەکەیەوە, چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیەش بریتین لە(بەرپرسیارێتی, بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی, خوێندکارانی زانکۆ ) .

**1. بەرپرسیارێتی (**Responsibility**) :** پابەندبوونی مرۆڤە بە ئەرکەکانی و ئامادەییەتی بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە و خۆ بەخاوەن زانینی و لە ئەستۆ گرتنی دەرئەنجامەکانیەتی . (الصالح,١٩٩٩:ص٤٥٨) –

**پێناسەی کارپایی :** پابەندبوونی خوێندکارانی زانکۆیە بەئەرکەکانی بەرامبەر خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگە

**2.بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی** (social Responsibility) : پابەند بوونی تاک بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکەی لەو ژینگەی کەتیایدایە و پێویستە زەحمەتیەکانی ئەو ڕۆڵەش لە ئەستۆبگرێت و بە ڕۆڵە کەشی کاریگەری لەسەر دەوروبەر دروست بکات . (کرمە و اخر,٢٠١٤:ص٤٩) .

**پێناسەی کارپایی :** پابەندبوونی خوێندکارانی زانکۆیە بەو ئەرکانەی لەسەرشانیەتی بەرامبەر خۆی و زانکۆ و کۆمەڵگەکەی و لە ئەستۆگرتنی دەرئەنجامەکانیەتی, هەروەها هۆسیاریەتی بەرامبەر ماف و ئەرکەکانی .

**3. خوێندکارانی زانکۆ** (University students) : توێژێکی گەنجن لە زانکۆ دەخوێنن, خاوەن ئەزموونی زانستی و ڕۆشنبیری و پەروەردەین, لەگەڵ خوێندکاران و مامۆستایانی وکارمەندانی تری زانکۆدا هەڵسوکەوت دەکەن (عمیرش,٢٠٠٥:ص٧٧) .

**پێناسەی کارپایی :** مەبەست لەخوێندکارانی قۆناغی یەک و چواری بەکالۆریوسە کە بەردەوامن لە خوێندن لەبەشە زانستی و مرۆییەکانی زانکۆی سلێمانی .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## بەشی دووەم : توێژینەوەكانی پێشوو و چوارچێوەی تیۆری

## یەكەم: توێژینەوەكانی پێشوو (The Previous Studies)

### توێژینەوە كوردیەكان:

**1- توێژینەوەی عمر ( 2007 )**

**بەناونیشانی (بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی لای كارمەندانی دەزگا فەرمییەكان )**

ئامانجەكانی, پێوانی ئاستی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتیە لای كارمەندانی دەزگا فەرمییەكانە لە شاری هەولێر و ناسینی جیاوازی ئاستی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایتیە لای كارمەندان بەپێی گۆڕاوەكانی (ڕەگەز , تەمەن, پەیژەیی وەزیفی). كۆمەڵگەی توێژینەوەش ئەو كارمەندانەن لە هەردوو ڕەگەزلە دەزگافەریمیەكانی شاری هەولێر كە(24) فەرمانگەبووە, نموونەی توێژینەوەكە بەشێوازی مەبەستی ناهەڕەمەكی پشكی وەرگیراوە كە ژمارەیان (300) فەرمانبەر بووە, توێژەر پشتی بەستووە بە میتۆدی ڕووپێوی كۆمەڵایەتی, ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاری بریتی بووە لە (پێوەری بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی), بەڵام ئامرازە ئامارییە بەكارهاتووەكان بریتی بوون لە (ڕێژەی سەدی, تاقیكردنەوەی(T.Test), تاقیكردنەوەی توكی(Tuckey Test), ئامرازی پەیوەندی بێرسون, شیكردنەوەی جیاوازی یەكی). ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەركەوتووە بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی لای كارمەندانی دەزگا فەڕمییەكانی شاری هەولێر بەشێوەیەكی گشتی لە ئاستێكی بەرزدایە. (عمر:2007)

### توێژینەوە عەرەبییەكان

**1. البلوی, (2002)**

**بونیادنانی شوناسی خودی و بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی لای خوێندكارانی زانكۆ بە پێی جیاوازی پسپۆڕی و ئاست .**

ئامانجی توێژینەوەیە, زانینی پەیوەندی نێوان شوناسی خود و بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی و زانینی ئاستی شوناسی خود و بەرپرسیارێتی كۆمەڵاتیە بەپێی گۆڕاوی ( پسپۆڕی زانست و مرۆیی, قۆناغەكانی خوێندن ),كۆمەڵگەی توێژینەوە سەرجەم خوێندكارانی قۆناغی دوو, سێ, چواری ی زانكۆی ام القری بووە, بەڵام نموونەی توێژینەوەكە(265) خوێندكاربووە و بەشێوەی هەڕەمەكی وەرگیراون, ئامڕازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری پێوەری شوناسی خود و پێوەری بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی بووە, جۆری توێژینەوەكە وەسفی بووە, ئامڕازە ئامارییە بەكارهاتووەكان بریتی بوون


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

لە(ئامڕازی پەیوەندی پێرسۆن, ڕێژەی سەدی, (T.test), هاوکێشەی کا4), دەرئەنجامەکانیشی بریتی بوون لە, بەرزی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی, نەبوونی جیاوازی لە ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی و قۆناغەکانی خوێندن ).

## 2. مشرف (2009)

### بیرکردنەوەی ئاکاری و پەیوەندی بە بەرپرسیاریتی کۆمەلایەتی و هەندیک گۆراوی تر لای خویندکارانی زانکۆی غەزە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە, خستنەڕووی ئاستی بیرکردنەوەی ئاکاری و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیە لای خوێندکارانی زانکۆی ئیسلامی غەزە و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان و جیاوازی هەریەکەیان بەپێی گۆڕاوەکانی (تەمەن, پسپۆڕی, قۆناغی خوێندن, ئاستی خوێندنی باوک و دایکی خوێندکار, ئاستی ئابووری وژمارەی ئەندامانی خێزان )کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتووە لەسەرجەم خوێندکارانی بەکالۆریۆسی زانکۆی ئیسلامی غزە بۆ ساڵی خوێندنی (2008 - 2009 ) کە ژمارەیان (19149 ) خوێندکاربووە, بەڵام نموونەی توێژینەوە بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی وەرگیراوە ژمارەیان(600)خوێندکاربووە, ئامڕازی کۆکۆدنەوەی زانیاری, فۆڕمی پێوانەکردنی بیرکردنەوەی ئاکاری پێگەشتوان و بەکارهێنانی فۆڕمی پێوانەکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بووە, شێوازی توێژینەوەکە وەسفیە و ئامڕازە ئاماریە بەکارهاتووەکان برتیی بوون لە(دووبارە بووەکان,ڕێژەی سەدی ،هاوکێشەی (T.Test), شیکاری جیاوازی, تاقیکردنەوەی شیفە)دەرنجامەکانی بریتی بوون لە: بەرزی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی ئیسلامی غەزە, نەبوونی جیاوازی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەنێوان خوێندکارانی بەپێی گۆڕاوی (قۆناغی خوێندنی یەک و قۆناغی چوار), بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی لە بەرژەوەندی پسپۆڕی مرۆیی . (مشرف:2009 )

## 3. عودة (2014)

### بەشداریکردنی سیاسی و پەیوەندی بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و کاریگەری هاوئاستەکان لای خوێندکارانی زانکۆی قدس .

ئامانجی توێژینەوەیە, خستنەڕووی پەیوەندیە نێوان بەشداری سیاسی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و کاریگەری هاوئاستەکانە لە نێوان خوێندکارانی زانکۆی قدس و خستەڕووی جیاوازی ئاستی بەشداری سیاسی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و کاریگەری هاوئاستەکانە بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز, قۆناغی خوێندن, پسپۆڕی, ئاستی ئابوری, ئینتمای حیزبی ), کۆمەڵگەی توێژینەوە, سەرجەم خوێندکارانی زانکۆی قدس بۆ ساڵی خوێندنی (2013 - 2014) کە ژمارەیان (3638) خوێندکار بووە,بەڵام نموونەی توێژینەوەکە بریتی بووە لە (366) بەڕێژە (10%) کۆمەڵگەی توێژینەوەیە, پاشان خوێندکارەکان بەشێوەی هەڕەمەکی وەرگیراوە, شێوزای توێژینەوەکە وسفی بووە, ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتی بوون لە (پێوەری بەشداری کردنی سیاسی, پێوەری بەپرسیارێتی کۆمەڵایەتی, پێوەری کاریگەری


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

هاوئاستەکان),هەروەها ئامرازە ئاماریە بەکارهاتووەکان بریتی بوون لە (بەرنامەی (S.P.S.S.) و ناوەندە ژمێرەیی, ڕێژەی سەدی, دووبارە بووەکان, ئامرازی پەیوەندی بیرسۆن, ئامرازی پەیوەندی سپێرمان, (T.Test), شیکاری جیاوازی یەکی ),دەرئەنجامەکانیشی بریتی بوون لە, بەرزی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی قدس, بوونی جیاوازی لە ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی  بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن لە بەرژەوەندی قۆناغی چوار, بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی لە بەرژەوەندی پسپۆڕی مرۆیی .(عودە,2014)

## گفتوگۆکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

یەکێک لە ئامانجەکانی توێژینەوەکان پێشوو بەستنەوەی چەمکی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بووە بە کۆمەڵێک گۆڕاوی ترەوە, بۆ نموونە بەبیرکردنەوەی ئاکاری و بونیادی شوناس و بەشداریکردنی سیاسی, ئامانجیکی دیکەیان زانینی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵاتیەتی بووە, ئەم توێژینەوەیەش ئامانجی زانینی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیە لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە خود, بە زانکۆ , بەکۆمەڵگە و زانینی ئەو ئاستەیە بە پێی کوڕاوی (قۆناغی خوێندن و پسپۆڕی ) .

سەبارەت بە کۆمەڵگەی توێژینەوەکان, زۆرینەیان قەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیان دیاری نەکردووە, بەڵام (مشرف,2009)کۆمەلگەکەی (19149 ) خوێندکار بووە و (عودە,2014) ژمارەیان (3638) خویندکار بووە,کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەکەش (6108) خوێندکارە, قەبارەی نموونەکەیان لەنیوان (265-600) لیتویژراو بووە, نموونەی ئەم تویژینەوەیەش (428) خویندکار, نموونەی توێژینەوەکاني پێشو بەشێوازی مەبەستی ناهەڕەمەکی پشکی و هەڕەمەکی چینایەتی وەرگیراون, نموونەی ئەم تویژینەوەیش, بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێژەیی چینایەتی وەرگیراوە .

-جۆری توێژینەوەکان بەگشتی وەسفین و میتۆدی بەکارهاتوو ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بووە, بەهەمان شێوە ئەم تویژینەوەیەش وەسفیە و میتۆدەی بەکارهاتووش ڕوپێوی کۆمەڵایەتیە .

ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاری سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو پێوەری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بووە، بە هەمان شێوەی ئەم توێژینەوەیەش پێوەری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە .

لەتوێژینەوەکانی پێشو,ئامڕازە ئاماریە بەکارهاتووەکان بریتبوون لە (ڕێژەی سەدی, تاقیکردنەوەی(T.Test), تاقیکردنەوەی توکی, ئامرازی پەیوەندی بێرسون, هاوکێشەی کا4, هاوکێشەی (کا2), شیکاری جیاوازی یەکی, دووبارەبووەکان, تاقیکردنەوەی شیفە ,ناوەندە ژمێرەیی, ئامرازی پەیوەندیسپێرمان) ,لەم توێژینەوەیەشدا ئامڕازە ئاماریە بەکارهاتووەکانیش بریتی بوون لە (ئالفا کرونباخ, ڕێژەی سەدی, لادانی پێوەری, ناوەندە ژمێرەیی, ئامرازی پەیوەندی بیرسۆن, ئامرازی پەیوەندی سپێرمان, T.Test )


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

دەرنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو بریتی بوون : بەرزی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای لێتویژراوەکانیان,بەهەمان شێوە ئەم توێژینەوەش ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای لێتوێژراوەکانی لە ئاستێکی بەرزدایە بەرامبەر خود, زانکۆ, کۆمەڵگە, لە تویژینەوەکانی(بلوی,2002) و(مشرف:2009 ) جیاوازیەنیە ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەنێوان خوێندکارانی بەپێی گۆڕاوی (قۆناغی خوێندن و پسپۆری),بەلامتویژینەوەکەی (عودە,2014) جیاوازی هەیە لەئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن لە بەرژەوەندی قۆناغی چوار, گۆڕاوی پسپۆڕی لە بەرژەوەندی پسپۆڕی مرۆیی, ئەم تویژینەوەیەش بە هەمان دەرئەنجام گەیشتووە, بەڵام سەبارەت بە قۆناغی خوێندن لەبەژەوەندیقۆناغی یەکە .

## دووەم : بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی:

بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندیەکی مرۆییە و تایبەتە بە مرۆڤ لە نێو هەموو بوونەوەرەکانی تردا, چونکە ئەوە مرۆڤەکانن کەبە شێوەیەکی سروشتی پێوستە بەرپرس بن لە خۆیان و کار و کردەوەکانیان .( مصطفی,٢٠٠٧: ص٣١) . هەروەها پێویستیەکی خودیە بۆ تاک و لەهەمان کاتیشدا پێویستیەکی کۆمەڵایەتیە بۆ کۆمەڵگە (مصطفی,2007:ص31) لەبەر ئەوەی تاک دەگەیەنێتە گونجاندنێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەو گرفت و کێشانە ببێتەوە, کە دێنە ڕێگای,سەبارەت بە کۆمەڵەگەش دەیکاتە ڕەگەزێکی چالاکی کۆمەڵ و کۆمەڵگە و دووری دەخاتەوە لە نەرێنی بوون و بێباکی و دەیکاتە تاکێک کەگرنگی بدات بەکێشەکانی کۆمەڵگە و دەوروبەری و بەکردار بەشداربێت لەچارەسەکردنیان (فهمی,2015:ص30).

## سێیەم : ڕەگەزەکانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی :

بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتووە, ئەو ڕەگەزانەش, ئەمانەن :

**1.تێگەیشتن :** واتە تێگەیشتنی تاک لە کۆمەڵەکەی و ئەو هێزە دەروونیانەی کەکاریگەریان هەیە لەسەر ئەندامانی کۆمەڵەکە و ( طلحی,2015:ص14). تێگەیشتن و بڕوا بوون بە ڕەوایی ئامانجەکانی کۆمەڵەکە و پاراستنی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیەی کەیەکێتی کۆمەڵەکەی پاراستووە . (عەبدوڵڵا,2006,ل10) .

**2. گرنگی پێدان :** مەبەست لێی پەیوەست بوونێکی سۆزداریە بەو کۆمەڵەکەی کەتاک ئینتمای بۆی هەیە, بچوک بێت یان گەورە, هەروەها سووربونە لەسەر بەردەوامی دان بەپێشکەوتنی کۆمەڵگە و یەکگرتن و هێنانەدی ئامانجەکانی . (الحسن,2014:ص16)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**3. بەشداریکردن :** پرۆسەیەکە تاک ڕۆڵی تێدا دەبینێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەیدا, هەلێکی پێدەدات کەبەشدار بێت لە ئامانجی گشتی کۆمەڵگەکەی, بەشداریکردن ئەو توانایە بە تاک دەدات کە هەستێ بە ئەرکەکانی و بەرپرسیارێتیەکانی لەئەستۆ بگرێت . (حلیمە,2019:ص5)

## چوارەم : هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانی لاوازی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی:

لاوازی لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا چەندین هۆکاری هەیەی و ئەو هۆکارانە کاریگەری ڕاستەخۆ لە لاواز بوونی ڕەفتاری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای تاکەکانی کۆمەڵگە دروست دەکەن و لەدیارترین ئەو هۆکارانەش ,هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانە, کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە :

**ا. تێکچوونی پێوەرەکان :** ئەوە پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانن کە ئاراستەکان دەستنیشان دەکەن و بەهاکان دیاری دەکەن .(الزیناتی,2014:ص53) هەموشتێک لەکۆمەڵگەدا ڕێکدەخەن بەپێی بە پلەبەندی گرنگی وپێویستیان بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە (احلام,2016:ص55). بەدارمانی پێوەدانگەکان, ڕەفتارەکان و ئاراستەکان دەکەونە مەترسیەوە و تاک بەها و یاسا و پێوەدانگە باوەکانی کۆمەڵگە ڕەتدەکاتەوە و متمانەی بە کۆمەڵگە و سیستەمەکانی نامێنێت . (ابوشعیرە,2014:ص246) و ئەمەش دەبیات بەرەوە دارمان و پابەند نەبوون بە ئەرک و بێ متمانەیی و لاواز بوونی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی .(سعدیە,2018:ص52) .

**ب. کۆتکردنی ئازادی :** کۆتکردنی ئازادی و شێواندنی دەبێتەهۆی لاوازی لە ڕەوشتی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی یان دوورکەوتنەوە و هەڵهاتن لە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی . (قاسم,2008:ص36) .

**ج. شڵەژانی ئابووری :** دارووخانی ئابووری و بێ سەروبەری و نارِوونی لە فەلسەفەی ئابوری دەبێتە هۆی نادروستی و نارێکی لەدابەشکردنی کەرەستە و دەستکەوتەکانی کار و چوون بەرەو ستەمی کۆمەڵایەتی و نەمانی دڵنیایی دەروونی و متمانە نەکردنی بە ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگە, ئەمە لەسەر ئاسایشی ڕەوشتی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕەنگ دەداتەوە و بەرەوە لاوازی دەبیات (الزیناتی,2014:ص53) .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**د. بێسەر و بەری سیاسی** : بریتیە لە بێسەر و بەری ئەو دەستەڵاتەی کەپەیوەندی نێوان دەسەلات و گەل ڕێکدەخات (الحسن,2014:ص25), کە کاریگەری دەبێت لە سەر سەقامگیری سیاسی و کۆمەلایەتی (عافیە,2016:ص312) کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئاسایشی کۆمەلایەتی و بڵاوبوونەوەی ڕەفتاری تاوانکاری و پەرەسەندنی بێباکی و لاوازی لە ئینتما و لە بەرپرسیارێتیدا . (الخمسان,2012:ص2) .

## پینجەم : ڕووکارەکانی لاوازی بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی لای تاک لەمانەدا :

لاوازی بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی لای تاک لە چەند خەسلەتیکدا دەردەکەویت کە ئەمانە :

**1. خەم ساردی** : بریتیە کەم و کوڕی لەجێبەجێکردنی کار و ئەرکەکان (الشاعر,2011:ص36) خەم ساردبوونی تاکان لە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیدا دەبێتە هۆی کەلێن خستنە نێو پەیوەندیە مرۆییەکان و پەرتبوونیان, ئەمانەش هۆکاری دیاری هەلوەشانی کۆمەلگەن .(کرمەو اخر,2014:ص25)

**2. بێباکی** : بریتیە لەساردی کەتوشی ئامێری پێشبینی کردن دەبێت لای مرۆڤ, وا لە کەسەکە دەکات کەپێویست ناکات خۆی ماندوو بکات (مشرف,2009:ص121) و بایەخ نادات بەوەی چی ڕوودەدات لەدەوروبەری و وەلامدانەوەشی بۆیان نابێت (بدوی,1982:ص23)

**3.گۆشەگیری** : لەم دۆخەدا تاک لە لەگۆشەگیریەکی دەروونیدا دەژی کەخۆی دروستی کردووە,ئەمەش ئەبێتە هۆی لاوازی متمانەی بە گرووپەکەی و کۆمەلگەکەی وکەمی ئومێدی بەئێستا و داهاتوویان.(قاسم,2008: ص35) بەرەو نامۆ بوون لە خۆی و لە واقع و لە کۆمەلگەکەی دەبیات . (عمر,2007:ل82) .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## شەشەم : خوێندكارانی زانكۆ:

خوێندكاری زانكۆ توێژێكی گەنجن و هێشتا لەدەرەوەی بازنەی كاردان, لەدۆخی پێگەیاندنی كولتوری زانكۆیدان و ئاراستەیەكی بنچینەیی دەكرێن تا ببنە چینێكی ڕۆشنبیر لە داهاتوودا. (رشید,2007:ص22) خوێندكاری زانكۆ سامانێكی مرۆیی كۆمەڵگەیە و پێویستە گرنگی پێبدرێت لەڕووی زانستی و پراكتیكیەوە, هەروەها ئامادەبكرێن بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیەك كەگونجاو بێت لەگەڵ ئاستیاندا و لە دروستكردنی داهاتووی كۆمەڵگە و نەتەوەكەیاندا بەشداریان پێبكرێت, چونكە ئەم قۆناغە بە باشترین و بەهێزترین قۆناغی ژیان دادەنرێت بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی. (یوسف,2002: ص27)هەروەها گەنج خاوەن هێزێكی دەرونی بەهێزە و دەیەوێت لەڕێگای ئەو هێز و ووزەی هەیەتی بە خەونەكانی داهاتووی بگات و ژیانی بەردەوامی هەبێت بەرە و جیهان و ژیانێكی نوێتر,دەیەوێت خۆی لەنەریتە باوەكان پاك بكاتەوە, ئەو كۆت و پێوەدانگەی گەورەكان بۆیان دروستیان كردووە بیشكێنێت .(سدیق,2007:ل21).

سەبارەت بەم گۆڕانكاریەش,گەر ئاورێك لە مێژوو بدەینەوە, دەبینین خوێندكارانی زانكۆ خاوەن یەكێك دیارترین شۆڕشن لە مێژوودا, ئەویش شۆڕشی فەرەنسی ئابی (1968)ە, پێشەنگی ئەو بزوتنەوە گرنگە توێژی گەنج و خوێندكارانی زانكۆ بوون, كە توانیان لە دژی نۆرم و بەهاكانی نەوەی پێش خۆیان ڕاپەڕن و داوای هێنانە ئارای دنیایەكی نوێ بكەن.(دۆلای,2013:ل9) توانیان گۆڕانكاری ڕیشەیی كۆمەڵگەدا بكەن بەو ڕادەیەی پاریسی پاش ئایاری (1968) دەبێت بە پاریسێكی تر.(حەمە,2011:ل67)

ئەگەر سەیری خوێندكارانی زانكۆكانی هەرێمی كوردستانیش بكەین, ئەوانیش تەنها كێشەدار نین بەڵكو ناڕازیشن, بەڵام بە هەڵویست بوونی چینی خوێندكارانی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان حاڵەتە و بێهەڵوێست بوونەكەی دیاردەیەكی ڕوون و ئاشكرایە, ئەم بێهەڵویست بوونەشی ڕەنگدانەوەی زۆری هەیە لەسەر داهاتووی خۆی و كۆمەڵگەی (عوسمان,2017:ل27) گرنگە ئەوەش بزانرێت ئەم تایبەتمەندیە خودی تاكی خوێندكار خۆی دروستی نەكردووە, تا شەرم لەباسكردنیان بكات, بەڵكو واقعێكە و دەرئەنجامی ئەو بەها كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و هزریانەن كەبەسەریدا سەپێنراوە و ئەم بوونەی بۆ بەدیهێناوە, بەڵام گۆڕینی ئەم واقع و بارودۆخەی تاكی خوێندكار تێیكەوتووە, بەرپرسیارێتیەكەی لەئەستۆی خۆیەتی .(هەمان سەرچاوە:ل41).

كەواتە, ڕەفتاری بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی خوێندكاران دەكەوێتە ژێر كاریگەری دوو هۆكاری سەرەكی, ئەوانیش هۆكاری ناوەكی و هۆكاری دەرەكیە, هۆكارە ناوەكیەكان پەیوەستن بەخودی خوێندكارەكە خۆیەوە, وەك توانا و ئاراستە و لێهاتوویەكانی و ئەو بەهایانەی كە باوەڕی پێیەتی, بەڵام هۆكاری دەرەكیەكان پەیوەستن بە ژینگەی دەرەوە وەك كۆمەڵگە و زانكۆ و دورووبەری و وانەكانی زانكۆ .(الحربی,2018:ص242).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## حەوتەم : گرنگی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ:

بەرزی هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کاریگەری دەبێت لە شێوازی هەڵس و کەوت و چۆنیەتی بیرکردنەوەی خوێندکارانی زانکۆ وەک گەنجێک یا وەک تاکێک لە کۆمەڵگەدا, چونکە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەبێتە رێکخەری رەفتارەکانیان و ئامانجەکانیان و دەیانکاتە کەسانێکی متمانەپێکراو, کە دەتوانرێت پشتیان پێ ببسترێت و باوەڕیان پێبکرێت,هەروەها دەبنە کەسانێک مافی کەسانی تر پێشێل نکەن و هەرکارێکی هەڵە بکەن خۆیان بەبەرپرس دەزانن بەرامبەری, هەروەها بیر لەچاکەی کەسانی تر دەکەنەوە و بەئەمەک و دڵسۆز دەبن بۆ ئەو کۆمەڵەی کە ئنتمایان بۆی هەیە, هەر کارێکیان پێی بسپێردرێت بەو پەڕی توانا و بەرپرسیارێتیانەوە جێبەجێی دەکەن .(حسونە,2014:ص17) و حەزیان بە کاری خۆبەخشی دەبێت و هاوبەشی دەکەن لەکۆمەڵەی خێرخوازیەکاندا. (الشاعر,2011:ص36), سەرەڕای ئەوانەش هەست بە بەهای کات دەکەن و گرنگیەکەی دەزانن و کاتە بەتاڵەکانیان بەکاردەهێنن بۆ سوودی خۆیان و کۆمەڵەکەیان و گرنگی بە سیستەم و پاک و خاوێنی گشتی دەدەن و پارێزگاری لە سامانی گشتی و تایبەتی دەکەن و سووردەبن لەسەر زیادکرنی زانیاری بەسوود و بەدەستهێنانی مەعریفەی نوێ و سەرەڕای ئەوانەش پەیوەست دەبن بەپێوەدانگ و یاسا ئاینی و ئاکاریەکانی کۆمەڵگە. (الهذلی,2009:ص60).

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی ئەو خوێندکارانەی هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیان بەرزە کەسانێکن خاوەن تایبەتمەندی ئەرێنین و ئەتوانرێت متمانەیان پێبکرێت و کاریان پێ بسپێردرێت, کەسانێکن پارێزگاری لە کەل و پەل و ژینگە و یاسا و ڕێسا و ناوبانگی زانکۆ دەکەن و خۆیان بە بەرپرس دەزانن بەرامبەری, هەروەها ڕێزی خوێندنەکەیان لایە و کاتی بۆ تەرخان دەکەن, سەرەڕای ئەوانەش یارمەتی هاوڕێکانیان دەدەن لە کاتی پێویستیدا .

## هەشتەم : تیۆرەکانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی:

### 1. تیۆری ڕۆڵ

لەزانایانی ئەم تیۆرە( ماکس ڤێبەر, هانز کێرس, س.رایت میڵز, تالکوت بارسونز,ڕۆبێرت ماکیڤەرە). (حەسەن,2010:ل194-195), ئەم تیۆرە ئاماژە بەوە دەکات, بونیادی کۆمەڵایەتی بۆ چەندین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دابەش دەبێت و هەر دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیش بۆ چەندین ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دابەش دەبن, ڕۆڵی کۆمەڵایەتیش لەخۆگری کۆمەڵێک ئەرک و مافن, کە تاک بە پێی توانا و شارەزایی و ئەنجامیان دەدات, دوای ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە تاک کۆمەڵێک مافی مادی و مەعنەوی وەردەگرێت.(حەسەن,2010: ل202-203)

کاتێک خوێندکار دەچێتە زانکۆ پێشینی ئەوەی لێدەکرێت ئەو ڕۆڵەی لەسەر شانیەتی جێبەجێی بکات, یەکێک لەو ئەرکانەش لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیەتی لەناو زانکۆدا, ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە پابەند بوون بە یاسا و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ڕێنمایەکانی زانکۆ و هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر لەسەر وانەکانی و خۆ ڕۆشنبیرکردن و خزمەتکردنی زانکۆ و بەشداربوونی لە چالاکیەکانی زانکۆ و جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی لە چالاکیەکاندا پێی دەسپێردرێت, ئەو ڕۆڵ بینینەش لە چالاکیەکاندا یارمەتی دەدات بۆ هۆشیاربوونەوەی سەبارەت بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و پەرەدان پێی چونکە هەر خوێندکارێک ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بۆ دیاری دەکرێت بەپێی ڕێنمایەکانی چالاکیەکە و فێردەکرێت چۆن جێبەجێیان بکات, ئەمەش هاوکاری دەبێت لە چۆنیەتی بەڕێوەبەردنی کار و ئەنجامدانی ئەرکەکانی و هاوکاری کردنی هاوڕێکانی, لەم دۆخەدا و فێری لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەبێت بەرامبەر بە زانکۆ و هاوڕێکانی .

## 2. تیۆری پێداویستیەکان:

پۆلێن بەندی بۆ پێداویستیە مرۆییەکان زۆرن, بەڵام گرنگترین پۆلێن بەندی بریتیە لە پۆلێن بەندی هەرەمەکەی (ماسلۆ), کە تیایدا پێداویستیەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی هەرەمی ڕێکخراون .(رشید,2012:ل72) بەجۆرێک بە پێداویستی فسیۆلۆجیەکان دەست پێدەکات ئەویش کۆمەڵێک پێداویستی لەخۆ دەگرێت کە پێویستی مرۆڤە بۆ مانەوەی لە ژیان وەک ئاو,هەوا,خواردن,پشوودان (Taormina,2013:p156). پاشان پێداویستی ئارامی و ئاسایش دێت کە ئەویش پێداویستی پاراستنیەتی لەو ترس و دڵەڕاوکێیانەی کە دەبنە مەترسی بۆ سەر لایەنی دەروونی وجەستەیی (Berl, 1984:p34)دوا بەدوای ئەو پێداویستی ئینتما و خۆشەویستی دێت (فهیم,2007:ص42), پاشان پێداویستی ڕێزگرتن دێت, ڕێزگرتنی کەسەکەیە لە خودی خۆی و ڕێزگرتنیەتی لەلایەن کەسانی ترەوە.(شلتز,1983:ص294-295), پاشان کۆتا پێداویست دێت ئەویش بەدیهێنانی خودە, (العانی,1989:ص99-100),

(ماسلۆ) جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو پێداویستیانە, کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی مروڤ دەکەن و دەبنە پاڵنەر و هاندەری بۆ ئەنجامدانی ڕەفتار و هەڵس و کەوتەکانی (Sengupta,2011:p103), بەجۆرێک هەر پێداویستیەکی فەراهەم دەبێ بیر لە پێداویستی دوای ئەوە دەکاتەوە .

لەسەرەتاترین پێداویستیەکانی خوێندکارانی زانکۆ پێداویستیە فسیۆلۆجیەکانن پاشان پێداویستی ئارامی و ئاسایش دێت کە دەبێت هەست بەوە بکەن ئارامی و ئاسایشیان لە ناو زانکۆ و کۆمەڵگە پارێزراوە, پاشان هەست بکەن بەشێکن لە زانکۆ و کۆمەڵگە و خۆشیان دەوێن و پەسەندیان دەکەن,لەم دۆخەدا پەیوەست دەبن بە زانکۆ و کۆمەڵگەکەیان و خزمەتیان دەکەن و ئەو ئەرک و بەپرسیارێتی و بەرپرسیارێتیە کۆمەڵایەتیەکانیان بەرامبەریان جێبەجی دەکەن, بەمەش دەگەنە پلەی بەدستهێنای ڕێز, کە دوو لایەنە, ڕێز لەخود کە بەهۆیەوە بەها و گرنگی ڕۆڵ و کارەکانی خۆیان دەزانن و لایەنەکەی تر ڕێزگرتنیانە لەلایەن زانکۆ و کۆمەڵگە و کە بەدەستیان هیناوە بەهۆی ئەنجامدانی ئەرک و کار و بەپرسیارییەتیەکانیان, پاشان دەگەنە پلەی بەدەستهێنانی خود, لەم ئاستەدابەتەوای متمانەی بەخۆی و تواناکانی دەبێت


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

و دەزانێت ئەوەی دەیەوێت دەتوانێت بیکات , هەر بۆیە بەرپرسیارێتیە کۆمەڵایەتیەکانیان لەبەرزترین پلەدا لە ئەستۆ دەگرن بەرامبەر خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگەکەیان .

## بەشی سێیەم

## ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوە

**یەکەم** : **میتۆدی توێژینەوە** (**ڕێبازی توێژینەوە**) (Research Methods)

ئەم توێژینەوەیە لەڕووی شێوازەوە توێژینەوەیەکی وسفیە,لە ڕووی میتۆدیشەوە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە.

**دووەم** : **کۆمەڵگەی توێژینەوە** ( Research Population)

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە سەرجەم خوێندکارانی بەکالۆریۆسی قۆناغی (یەک و چوار)ی کۆلێژە مرۆیی و زانستیەکانی زانکۆی سلێمانی لە کەمپی نوێ دەوامی بەیانیان بۆساڵی خوێندنی (2019-2012) دەگرێتەوە,کە ژمارەیان (6108) خوێندکارە .

**سێیەم** : **نموونەی توێژینەوە** (Research Sample)

نموونەی توێژینەوەی بەشێوەی هەرەمەکی ڕێژەیی چینایەتی(عينة العشوائية التناسبية الطبقية) وەرگیراوە بە پێی پسپۆڕی(زانستی و مرۆیی) بۆ هەردوو قۆناغی (یەک و چوار), لە کۆلێژی ( زانستە مرۆڤایەتیەکان, کۆلێژی یاسا, ئەندازیاری, زانست)وەرگیراون,بەڵام بۆ دیاریکردنی ڕێژەی نموونەی توێژینەوە پشت بە خشتەی هەڵبژاردنی(نموونەی توێژینەوەی هەڕەمەکی) بەستراوە(Cohen with others,2007:p104 ), لە پاشکۆی(1) خراوەتەڕوو,ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی خشتەکە دەبێت(403) خوێندکار وەربگیرێت, ئەمەش نزیکە لە (%7) ی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیە, هەر بۆیە (%7) ی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەگیرا کە کردیە (428) خوێندکار.

وەرگرتنی خوێندکارەکان لە ناو بەشەکاندا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بووە .وەک لە خشتەی (1) خراوەتە ڕوو .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**خشتەی(1) نموونەی توێژینەوە بە پێی بەش**

| کولێژ | بەش | قۆناغ | | | | کۆ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | یەک | ڕێژە | چوار | ڕێژە | | |
| زانستە مرۆڤایەتیەکان | مێژوو | 12 | %2.80 | 21 | %4.90 | 33 | 317 |
| | شوێنەوار | 14 | %3.27 | 19 | %4.43 | 33 | |
| | کار | 17 | %3.97 | 28 | %6.54 | 45 | |
| | کۆمەڵناسی | 19 | %4.43 | 27 | %6.30 | 46 | |
| | جوگرافیا | 12 | %2.80 | 25 | %5.84 | 37 | |
| | ڕاگەیاندن | 18 | %4.20 | 12 | %2.80 | 30 | |
| | فەلسەفە | 17 | %3.97 | – | | 17 | |
| یاسا | یاسا | 37 | %8.64 | 39 | %9.11 | 76 | |
| ئەندازیاری | سەرچاوەکانی ئاو | 8 | %1.86 | 10 | %2.33 | 18 | 111 |
| | شارستانی | 4 | %0.93 | 6 | %1.40 | 10 | |
| | تەلارسازی | 5 | %1.16 | 7 | %1.63 | 12 | |
| | کارەبا | 7 | %1.63 | 8 | %1.86 | 15 | |
| زانست | کیمیا | 6 | %1.40 | 9 | %2.10 | 15 | |
| | کۆمپیوتەر | 8 | %1.86 | 7 | %1.86 | 15 | |
| | جیۆلۆجی | 9 | %2.10 | 5 | %1.16 | 14 | |
| | بایۆلۆجی | 7 | %1.63 | 5 | %1.16 | 12 | |
| کۆی گشتی | | 200 | %46.65 | 228 | %53.43 | 428 | 428 |
| | | | 100 | | 100 | | |

## چوارەم : سنورەکانی توێژینەوە:

**1. سنوری جوگرافی:** زانکۆی سلێمانی,کەمپی نوێی زانکۆ, دەوامی بەیانیان بۆ ساڵی خوێندنی (2019 - 2020)

**2. سنوری مرۆیی** : سنوری مرۆیی ئەم توێژینەوەیە سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی (یەک ) و (چوار) ی زانکۆی سلێمانی دەوامی بەیانیان بۆ کۆلێژە زانستی و مرۆییەکان  لە خۆدەگرێت .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**3. سنوری کاتی :** مەبەست لە سنوری کاتی ئەو ماوە زەمەنیەیە کە پێویست بووە بۆ ئەنجامدانی کارە مەیدانەیەکانی توێژینەوەکە کە لەنێوان ( 12/ 10 / 2019 - 28/ 12/ 2019 ) بووە .

## پێنجەم : ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری :

ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیدا بریتیە لە فۆرمی پێوەری (بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی). لە پاشکۆی (٢) خراوەتەڕوو,بۆ ئامادەکردنی چەند هەنگاوێکمان بڕیووە و لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

### 1. تاقیکردنەوەی ڕاستگۆیی پێوەری بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی (Validity)

بەمەستی تاقیکرنەوەی ڕاستی بڕگەکانی ئەم پێوەرە, توێژەر شێوازی ڕاستگۆیی ئاشکرای بەکارهێناوە, بریتیە لە دابەشکردنی فۆڕمەکە بەسەر پسپۆڕان و شارەزایانی بوارەکەدا بەمەبەستی زانینی ڕاوبۆچوونیان لەسەر بڕگەکانی پێوەرەکە,بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر فۆڕمەکەی خستە بەردەست (12) پسپۆڕ و ئەنجامی تێکڕای پلەی ڕاستگۆیی پێوەرەکەش (96.14%) دەرچووە,لەپاشکۆی (3) خراوەتە ڕوو .

### 2. تاقیکردنەوەی جێگیری بۆ پێوەری بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی:

ا .(15) فۆڕم بەسەر(15) خوێندکاردا دابەشکراوە بۆ هەردوو کۆلێژی زانستی و مرۆیی و لە قۆناغی یەک و چوار بە هەردوو ڕەگەز, پاش(15)ڕۆژ دووبارە بۆ هەمان ئەو خوێندکارانە فۆڕمەکانیان بەسەردا دابەشکراویەوە,جێگیری فۆڕمی پێوانەکە دەرهێنراوە و ڕێژەی جێگیریەکەی لە (0.97) نمرە دەرچووە .پاشکۆی (4) خراوەتە ڕوو .

ب. هەروەها سوود لە بەرنامەی (S. P .S .S) وەرگیراوە و کرداری (ئەلفا کرونباخ) بەکارهێنراوە نمرەی گشتی جێگیری فۆڕم (86%), ئەنجامەکەی لە خشتەی (2) خراوەتە ڕوو. ئەمەش مانای وایە جێگیری فۆڕم لە ئاستێکی بەرزردایە و, گونجاوە بۆ جێبەجێکردن .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**خشتەی(2)**

**جێگیری فۆڕمی پێوانەکە دەخاتە ڕوو**

| تەوەرەکان | ئەنجامی ئەلفا کرونباخ | ژمارەی برگە |
|---|---|---|
| بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر خود | 0.66 | 16 |
| بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر زانکۆ | 0.83 | 19 |
| بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی باەرمبەر کۆمەڵگە | 0.76 | 17 |
| پێوەری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەگشتی | 0.86 | 52 |
| | | |

### 3. دیاریکردنی برگە پۆزەتیڤ و نەگەتیڤەکان:

فۆرمی پێوانەکە چەندین برگەی پۆزەتیڤ و نەگەتیڤی لەخۆ گرتووە, وەک لەخشتەی (3)دا دیارە .

**خشتەی (3)**

**برگە پۆزەتیڤ و نەگەتیڤەکان**

| تەوەرەکان | برگە پۆزەتیڤەکان | هەژماری برگەکان | برگە نەگەتیڤەکان | هەژماری برگەکان |
|---|---|---|---|---|
| بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود | 1, 2, 3, 6, 8, 10, 12, 13, 15, 16 . | 10 برگە | 4 , 5, 7, 9, 11, 14, 17 . | 7 برگە |
| بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ | 1, 2, 3, 4, 5, 6, 7, 8, 10, 11, 12, 14, 15, 16, 17, 18, 19, 20 . | 18 برگە | 9 , 13 | 2 برگە |
| بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە | 1, 2, 3, 4, 5, 6, 7, 8, 10, 12, 13, 14, 15, 16. | 14 برگە | 9, 11, 17 . | 3 برگە |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

### شەشەم : ئامڕازە ئامارییەكان بەكارهاتووەكان (Means of Statistics)

ئامڕازە ئامارییەكان بەكارهاتووەكان بریتي بوون لە :

1. ڕێژەی سەدی بۆ دەركردنی ڕێژەی سەدی گۆڕاوە گشتیەكانی توێژینەوەكە .
2. ناوەندە ژمێرەیی .
3. لادانی پێوەری .
4. هاوكێشەی ئاماری (T) بۆ یەك نموونە (T. Test for One Sample ) بۆ دەرخستنی جیاوازی لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی بۆ پێوەری بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی.(الحسن و الزینی,1982:ص175 )
5. هاوكێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە سەربەخۆ (T. Test for Two Sample ) بۆ زانینی جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی دوو گروپ لە نموونەی توێژینەوەكە بۆ دۆزینەوەی جیاوازی ئاستی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوەكان . (Mindrila, 2013:p4)
6. هاوكێشەی ئاماری ئەلفا كرۆنباخ (Coefficient Alpha) بۆ دەركردنی پلەی جێگیری بڕگەكانی هەردوو پێوەرەكە . (Neuman,2014:p376 )
7. ئامڕازی ئاماری پێرسۆن بۆ پەیوەندی بڕگەكان بە كۆ نمرەی پێوەری بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتیەوە .(خیری,1997: ص44 )

## بەشی چوارەم

### باسی یەكەم : ئەنجامەكانی توێژینەوە و شیكردنەوەی زانیارییەكان

### ئامانجی یەكەم : خستنەڕووی ئاستی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی خوێندكارانی زانكۆ بەرامبەر بە خود

لە ئەنجامی تایبەت بە ئاستی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی لای خوێندكارانی زانكۆ بەرامبە بە خود, ناوەندە ژمێرەیی هەژماركراو گەشتۆتە (54.06) پلە ولادانی پێوەرەكەی (7.51) پلەیە, بە بەراوود كردنی ناوەندی ژمێرەیی هەژماركراو بە ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی كە (48) پلەیە و بە بەكارهێنانی تاقیكردنەوەی (T) بۆ یەك نموونە ( T.Test for one sample), دەركەوت بەهای ( T) بەدەستهاتوو ( 16.68) گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) و بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و پلەی ئازادی (427), وەك لە خشتەی (4) خراوەتە ڕوو, ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی ئاستی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی لای خوێندكارانی زانكۆ بەرامبەر خود بەرزە .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**خشتەی (4) ئاستی بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود**

| تەوەرە | ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی | ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) بەدەستهاتوو | بەهای (T) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری | پلەی ئازادی | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر خود | 48 | 54.06 | 7.51 | 16.68 | 1.97 | 0.000 | 427 | بەڵگەدارە |

## ئامانجی دووەم:خستنەڕووی ئاستی بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ:

لە ئەنجامی تایبەت بە ئاستی بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ, ناوەندە ژمێرەییەکەی گەشتۆتە (74.81) پلە و لادانی پێوەرەکەی (10.41) پلەیە ,بە بەراوود کردنی ناوەندی ژمێرەیی هەژمار کراو بە ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی کە (57) پلەیە و بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تاقیکردنەوەی (T) بۆ یەک نموونە (T.Test for one sample), دەرکەوت بەهای ( T) بەدەستهاتوو (35.39) گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) و بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و پلەی ئازادی (427) , وەک لە خشتەی (5) خراوەتە ڕوو, ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزی ئاستی بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر زانکۆ .

**خشتەی (5) ئاستی بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ**

| تەوەرە | ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی | ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) بەدەستهاتوو | بەهای (T) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری | پلەی ئازادی | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر زانکۆ | 57 | 74.81 | 10.41 | 35.39 | 1.97 | 0.000 | 427 | بەڵگەدارە |

## ئامانجی سێیەم : خستنەڕووی ئاستی بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە:

لە ئەنجامی تایبەت بە ئاستی بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە,ناوەندە ژمێرەییەکەی گەشتۆتە (61.98) پلە و لادانی پێوەرەکەی (9.49) پلە ,بە بەراوود کردنی ناوەندی ژمێرەیی هەژمارکراو بە ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی کە (51) پلەیە و بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T) بۆ یەک نموونە ( T.Test for one sample), دەرکەوت بەهای ( T) بەدەستهاتوو ( 23.92) گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) و بە ئاستی بەڵگەداری



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

(0.05) و پلەی ئازادی (427) ,وەک لە خشتەی (6) خراوەتە ڕوو, ئاماژەیە بۆ بەرزی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر کۆمەڵگە .

**خشتەی (6) ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە**

| تەوەرە | ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی | ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | پلەی ئازادی | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | | | |
| بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر کۆمەڵگە | 51 | 61.98 | 9.49 | 23.92 | 1.97 | 0.000 | 427 | بەڵگەدارە |

بەشێوەیەکی گشتی ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو بۆ سەرجەم تەوەرەکان (194.71) پلەیە و لادانی پێوەرەکەی (22.78) پلەیە و ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی ( 156) پلەیە و بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تاقیکردنەوەی (T) بۆ یەک نموونە (T.Test for one sample), دەرکەوتووە بەهای (T) بەدەستهاتوو ( 35.15) یە و گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) , بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و پلەی ئازادی (427), وەک لە خشتەی (7) خراوەتە ڕوو, ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە .

**خشتەی (7) ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەگشتی**

| تەوەرە | ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی | ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | پلەی ئازادی | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | | | |
| بەگشتی | 156 | 194.71 | 22.78 | 35.15 | 1.97 | 0.000 | 427 | بەڵگەدارە |

بەپێی ئەو دەرئەنجامانە دەگەینە ئەوەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی گرنگی بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و مەعریفیان دەدەن و پەرە بە توانا زانستی و لێهاتوویەکانیان دەدەن, بایەخ بە پاراستنی جەستە و تەندروستیان دەدەن, ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی خوێندکارانی زانکۆ گەشتونەتەن ئەو ئاستەی گرنگی خۆیان و ڕۆڵەکانیان دەزانن و ڕێز لە خۆیان و کاتەکانیان دەگرن, سەبارەت بە زانکۆش, خۆیان بە بەرپرس دەزانن بەرامبەر پاراستنی کەلوپەلەکانی و خاوێن ڕاگرتنیان و پابەندن بە ڕێنمایی و ڕێساکانی و هاوکاری هاوڕێکانیان دەکەن, سەبارەت بە کۆمەڵگە بەشدارن لە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

خزمەتکردنی و پاراستنی شوێنە گشتیەکانی و کار بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگە دەکەن بەمانەش ڕێزگرتنیان لە لایەن زانکۆ و هاوڕێ و کۆمەڵگەکەیان بەدەست دەهێنن, لەکاتێکدا ڕێزگرتن لە خود و ڕێزگرتنیان لەلایەن کەسانی ترەوە یەکێکن لەو پێداویستیانەی کە (ماسلۆ) لەهەرەمی پێداویستیەکاندا بە یەکێک لەپێداویستیە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤی هەژمار کردووە,ئەم دەرئەنجامەش یەگدەگرێتەوە لەگەڵ دەرئەنجامی توێژینەوەکانی(مشرف,2009) و (بلوی,2002) و (عمر,2007 ) و (عودە,2014) کەسەرجەمیان ئاماژە بەوە دەکەن لێتوێژراوەکانی توێژینەوەکەیان ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیان بەرزە .

## ئامانجی چوارەم: ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن:

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات کە قۆناغی (یەک) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (63.94) و لادانی پێوەری (9.80) تۆمار بکات , لە بەرامبەردا قۆناغی (چوار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (60.26) و لادانی پێوەری (8.88) تۆمار بکات ,پاشان بۆ دەرخستنی جیاواز ئاماری لە نێوان هەردوو قۆناغەکەدا , بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە , بۆمان دەرکەوت کە بەهای (T) بەدەستهاتوو (4.07) و گەورەترە لە بەهای ( T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05), وەک لە خشتەی (8) خراوەتە ڕوو , ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازە لە بەرژەوەندی قۆناغی (یەک) .

**خشتەی(8) ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەگشتی بەپێی قۆناغی خوێندن**

| تەوەرە | یەک | | چوار | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| بەگشتی | 202.83 | 22.89 | 187.59 | 20.19 | 426 | 7.31 | 1.97 | 0.000 | بەڵگەدارە |

کەوایە ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خویندکارانی قۆناغی یەک بەرزترە لە ئاستی بەرپرسیارینی کۆمەلایەتی لای خویندکارانی چۆناغی چوار, بە بڕوامان یەکێک لە هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ڕۆلی زانکۆ لە گەیاندنی پەیامی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و فێرکردنی ئەو ڕەفتارە لای خوێندکارەکانی, بەجۆرێک کە نەیانتوانیوە ڕۆڵی کاریگەر و کارای هەبێت لەسەر خوێندکاران و ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتیان پەرەپێبدات. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەش یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (عودە,2014) کە ئەویش گەشتووە بەو دەرئەنجامەی جیاوازی هەیە لە ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن بەلام لە بەرژەوەندی قۆناغی چوار و یەک ناگرینەوە لەگەل


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

دەرئەنجامی توێژینەوەکەی (بلوی ,2002) و(مشرف,2009) بەپێی دەئەجامی توێژینەوەکەیان جیاوازی نیە لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن .

## ئامانجی پینجەم : ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی:

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات کە پسپۆڕی (زانستی) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (190.29) و لادانی پێوەری (22.97) تۆمار بکات , لە بەرامبەردا پسپۆڕی (مرۆیی) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (196.26) و لادانی پێوەری (22.54) تۆمار بکات ,پاشان بۆ دەرخستنی جیاواز ئاماری لە نێوان هەردوو پسپۆڕیەکەدا , بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە , بۆمان دەرکەوت کە بەهای (T) بەدەستهاتوو (2.38) و گەورەترە لە بەهای ( T ) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05) , وەک لە خشتەی(9) خراوەتە ڕوو, ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی جیاوازە لە بەرژەوەندی پسپۆڕی (مرۆیی) .

**خشتەی (9) ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەپێی پسپۆڕی**

| تەوەرە | زانستی | | مرۆیی | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| بەگشتی | 190.29 | 22.97 | 196.26 | 22.54 | 426 | 2.38 | 1.97 | 0.01 | بەڵگەدارە |

کەواتە ئاستی بەپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی پسپۆڕی مرۆیی بەزرترە لە پسپۆڕی زانستی, بەبڕوامان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی پرۆگرامی زانستە مرۆییەکان بە جۆرێکە کە زیاتر بوار دەرەخسینێت بۆ گوفتوگۆ کردن لەسەر باس و بابەتە زیندووەکانی ڕۆژ و تاوتوێکردنیان بە بەراوورد بە کۆلێژە زانستیەکان, ئەمەش وا دەکات زیاتر تێبگەن لە باس و بابەتانە و گرنگیان پێبدەن و هەوڵبدەن بەشدار بن تیاندا, لەکاتێکدا تێگەشتن و گرنگی پێدان و بەشداربوون لە ڕەگەزەکانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتین. ئەم ئەنجامەش هاو واتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (مشرف ,2009) و (عودە,2014) ئاماژە بەوە دەکەن جیاوازی هەیە لە ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە نێوان پسپۆڕیە زانستی و مرۆیی لە بەرژەوەندی پسپۆڕی(مرۆیی), بەڵام پێچەوانەی دەرئەنجامی توێژینەوەکەی (بلوی,2002) کەگەشتوە بەوەی جیاوازی نیە لەئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## باسی دووەم : دەرئەنجامەکانی توێژینەوە و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان:

### یەکەم : دەرئەنجامەکانی توێژینەوە

1. ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە خود بەرزە .

2 . ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆسلێمانی بەرامبەر بە زانکۆ بەرزە .

3 . ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەرزە

4 . بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازە لە بەرژەوەندی قۆناغی (یەک) .

5 . ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ سلێمانی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی جیاوازە لە بەرژەوەندی پسپۆڕی (مرۆیی) .

### دووەم : ڕاسپاردەکان:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە توێژەر چەند ڕاسپاردەیەک لەبارەی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا دەخاتە ڕوو :

1. بوونی وانەی تایبەت لە پرۆگرامەکانی زانکۆدا بۆ هۆشیارکردنەوەی خوێندکارانی سەبارەت بە گرنگی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و مەترسیەکانی لە ئەستۆ نەگرتنی .

2. ئەنجامدانی کۆڕ و سیمنیاری تایبەت بە هۆشیاری بەبەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بۆ خوێندکاران .

3. ئەنجامدانی کار و چالاکی تایبەت بەبەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و ڕەخساندنی هەل بۆ خوێندکاران تا بەشدار بن لەو جالاکیانە و تا فێری چۆنیەتی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ببن و هەروەها سوود لە توانا و لێهاتوویەکانینان وەربگیریت .

### سێیەم : پێشنیازەکان:

ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی :

1. لەسەر ئاستی زانکۆکانی دیکە و قۆناغەکانی تری خوێندن توێژینەوە هاوشێوە ئەنجام بدرێت .

4. توێژینەوە سەبارەت بە ڕێگریەکانی بەردەم پەرەرەدان بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران ئەنجامدان بدرێت .

6. توێژینەوە سەبارەت ڕۆڵی مامۆستایان لە هۆشیارکردنەوە و پەرەدان بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی (زانکۆ و ناوەندەکانی تری خوێندن ) ئەنجامدان بدرێت .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# Social Responsibility in University Students

**Shno Hassan Abdulsamad**
Department of Sociology, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** shnohassan56@gmail.com

**Paiman Abdulqadr Majeed**
Department of Sociology, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Paiman.majid@univsul.edu.iq

## Abstract:

Social responsibility takes an important role in constancy and tainquility of life in a society, tries to make the system of the society better and protects its roles, at the same time become a factor to perform each one's responsibility toward himself and the surrounding, and also make each individual mature, conscious in terms of rights, responsibilities, roles and comprehended ones about the social, political and general problems of the society and also encourages them to participate in resolving problems.
The researcher found it necessary to carry on such a study in order to investigate the level of social responsibility of the university students, and to underline the differences in the level according to variable,academic specialization,and study stages
The research population is all the bachelor students of first stage and forth stage of humanity and science academic specialization in the University of Sulaimani in the new camp in ( 2019 - 2020) , but the sample of the study (428) students of the faculties of (College of Humanities, College of Law, College of Science, and College of Engineering )by the way of , the research is a kind of descriptive, and the adopted method is ( social survey), the researcher, for collection data, adopted scale to measure the social responsibility, and used some statistical means such as (coefficient alpha, person correlations coefficient, T,Test, means, standard deviation)
The result indicates that the students of University of Sulaimani have a high level of social responsibility, and there are differences statistically concerning the variable of academic specialty ( science and humanity ) in behalf of humanities, and of study stages ( first stage and forth stage ) in behalf of first stage .
These results were interpreted in the light of the literature review the researcher shed light on certain recommendations and suggestions .

**Key words:** Responsibility , Social Responsibility , University Students.

## سەرچاوەکان:

بیبانی،ئەرکان شفیق رشید, توندوتیژی خوێندکاران, نامەی ماستری بڵاونەکراوە, کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان, بەشی کۆمەڵناسی, زانکۆی سلێمانی,2017 .

حەسەن, ئیحسان محمد, تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان, وەرگێڕانی, دیدار ئەبو زێد, دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات, هەولێر ,2016 .

حەمە, ئازاد, هزری بزوتنەوەی ئایاری 1968 لە پاریس, چاپخانەی چوار چرا,2011 .

دۆلای , جۆن پۆڵ, شۆڕشی خوێندکارانی 68, وەرگێڕانی, شوان ئەحمەد, چاپی دووەم, چاپخانەی کارۆ, 2013 .

رشید, چیا فائق, ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە گەشەپێدانی تواناکانی گەنجاندا, نامەی ماستەری بڵاونەکراوە, بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان, زانکۆی سلێمانی, 2012

.سدیق, ئارام ,گەنج و شوناس, چاپەمەنی گەنج, سلێمانی,2007 .

عمر, ڕوخسار محمد, بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای کارمەندانی دەزگا فەرمییەکان, نامەی ماستەری بڵاو نەکراوە, بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر,2005 .

عوسمان, محەمەد, هەژاریی خوێندکار لەڕووی هزری, دەروونی و مۆڕاڵیەوە, چاپخانەی ڕەهەند, سلێمانی,2017 .

**البلوی, محمد بن سليمان الفريعي, تشكل هوية الانا والمسئولية الاجتماعية لدى عينة من طلاب التخصصات والمستويات المختلفة, رسالة ماجستير غير منشورة,كلية التربية, قسم علم النفس, جامعة ام القرى, المملكة اعربية السعودية ,2002 .**

**الحسن, احسان محمد, و عبدلحسين زينى, الاحصاء الاجتماعى, دار الكتب للطباعة و النشر, الموصل , 1982 .**

**الصالح, مصلح احمد, الشامل قاموس مصطلحات العلوم الاجتماعية,ط1, دار عالم الكتب للطباعة والنشرو التوزيع, الرياض ,1999.**

**العانى, نزار محمد سعيد, اضواء على الشخصية الانسانية, دار الشؤن الثقافية العامة ,1989 .**

**خيرى,محمد, الاحصاء فى البحوث النفسية, دار الفكر العربى, القاهرة,1997 .**

**شلتز, دوان نظريات الشخصية, ترجمة ,حمد دلى الكربولى, المكتبة الوطنية ببغداد ,1983 .**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

عميرش, نجوى, الجامعيون بين القيم السائدة و القيم المتنحية, رسالة ماجستير غير منشورة, كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية, قسم علم الاجتماع و الديموغرافيا ناوى زانكؤ, الجمهورية الجزائرية الديموقراطية الشعبية ,2005 .

فهمى ,محمد سيد المسئولية الاجتماعية, مكتب الجامعى الحديث, الاسكندرية, 2015 .

فهيم ,كلير, طريق نجاح الشباب فى الحياة, مكتبة الانجلو المصرية للنشر, قاهرة ,2007 .

كرمة, صفاء طارق حبيب و نورجان عادل محمود دقمير, قوة الذكاء الاجتماعى فى تفعيل المسؤولية الاجتماعية و مفهوم الذات الاجتماعية, المكتب الجامعى الحديث, 2014 .

مشرف, ميسون محمد عبدالقادر, التفكير الاخلاقى وعلاقته بالمسئولية الاجتماعية وبعض المتغيرات لدى طلبة الجامعة الاسلامية بغزة, رسالة ماجستير غير المنشورة , كلية التربية,علم النفس الارشادى , الجامعة الاسلامية - غزة, 2009 .

مصطفى,شيلان عاكف, الاسلوب المعريفى (الاملى - الاندفاعى) و علاقته بالمسؤولية الاجتماعية لدى مديرى و مديرات المدارس الثانوية فى اقليم كوردستان - العراق , رسالة ماجستير غير منشورة, كلية التربية للعلوم الانسانية, علم النفس التربوى جامعة صلاح الدين,اربيل , 2007.

عودة, ياسر على محمد المشاركة السياسية و علاقتها بالمسؤلية الاجتماعية و تاثير الاقران لدى طلبة جامعة القدس المفتوحة, رسالة ماجستير غير منشورة, كلية التربية, قسم علم النفس, جامعة الاسلامية - غزة ,2014 .

الحربى, ضيف الله ,قيم التربوية الممارسة لدى طلبة جامعة المجمعة فى مملكة العربية السعودية مجلة الدولية الابحاث التربوية,مجلد 42,عدد 2, جامعة المجمعة-مملكة العربية السعودية,ابريل 2018.

الحسن, ابوبكر محمد , دور المؤسسة الاجتماعية فى تحسين اداء المنظمة,رسالة ماجستير غير منشورة, قسم علوم التسيير , كلية العلوم الاقتصادية والتجارية و علوم التسيير , جامعة محمد خيضر- بسكرة-, الجزائر ,2014 .

الخمسان, محمد سليمان سالم, تأثير القيم الاجتماعية للعمالة الوافدة على الأمن الاجتماعي بالمجتمع السعودي, رسالة ماجستير غير منشورة,كلية الآداب ,قسم الاجتماع, جامعة القاهرة ,2012.

الزيناتى, اسامة محمد خليل, دور اخلاقيات المهنة فى تعزيز المسئولية الاجتماعية فى المستشفيات الحكومية الفلسطينية رسالة الماجستير غير منشورة فى برنامج القيادة والادارة,جامعة الاقصى ,2014 .

الشاعر, منار محمود, الضغوط النفسية والمسئولية الاجتماعية لدى ضباط اسعاف حرب غزة فى ضوء بعض المتغيرات, ,رسالة ماجستير غير منشورة, كلية تربية,قسم علم النفس,جامعة الاسلامية-غزة,2011 .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

الهذلى,نائف بن سراج النجيبى ,الاتجاه نحو ظاهرة الارهاب,رسالة ماجستير غير منشورة,قسم علم النفس,كلية التربية,جامعة ام القرى ,المملكة العربية السعودية, 2009

بو شعيرة, خاليد محمد,الاغتراب فى النسق التعليمى لدى الشباب الجامعى فى ضوء بعض المتغيرات: دراسة حالة ميدانية على عينة من طالة كلية التربية, مجلة علوم التربية والنفسية, جامعة البحرين, المجلد 15, عدد 1, مارس 2014 .

حسونة ,باس فريز, المسئولية الاجتماعية و الضغوط النفسية لدى الثيادات الطلابية فى جامعة القدس امفتوحة, رسالة ماجستير غير منشورة, قسم علم النفس, كلية التربية, جامعة الاسلامية, غزة , 2014 .

حليمة, قادرى, اتجاهات الشباب نحو المسئولية الاجتماعية, مجلة علوم النفسية والتعليمية, جامعة وهران 2, الجزائر,2019

رشيد, بوتقرابت,ظاهرة الاهتمام بالباس عند الشباب الجامعى ,رسالة ماجستير غير منشورة, قسم علم الاجتماع , كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية, جامعة الجزائر ,2007.

طلحى, خولة, المسؤلية الاجتماعية للقطاع الخاص فى الجزائر, رسالة ماجستير غير منشورة, كلية الحقوق والعلوم السياسية, قسم العلوم السياسة, جامعة العربى بن مهيدى- ام البواقى ,2015.

قاسم , جميل محمد, فعالية برنامج ارشادى لتنمية المسئولية الاجتماعية لدى طلاب المرحلة الثانوية, رسالة ماجستير غير منشورة, كلية التربية, علم النفس- الارشادى, الجامعة الاسلامية - غزة ,2008.

Berl, Robert L. Nicholas C. Williamson and Terry Powell, A Critique and Test of Maslow Hierarchy of Need, The Journal of Personal Selling and Sales Management , Vol.4 , No.1, May 1984.

Cohen,Louis, Lawrence Manion & Keith Morrison , Research Methods in Education, 6th edition, Routledge Taylor and Francis Group press, New York & London, 2007 .

The basic practice of statistics, 6th ed., W. H. Freeman and Company press, New York, 2013, Diana,Mindrila

Neuman, W. Lawrence, Social Researcher Methods: Qualitative and Quantitative Approaches,7th edition, British Library Cataloguing-in-Publication Data press, England, 2014 .

Growth in Human Motivation: Beyond Maslow, Indian Journal of Industrial Sengupta , Sunita Singh, Relation,Vol.47,No.1, Shri Ram Centre press, 2011.

The American Taormina, Robert J and Jennifer H. Gao, Maslow and Motivation Hierarchy: Measuring of the needs, Journal of Psychology ,Vol. 126,No.2, Uneversty of Illinois Press, 2013

## پاشکۆکان:

پاشکۆی (1) هەڵبژاردنی نموونەی هەڕەمەکی

| کۆمەڵگە | نموونە | کۆمەڵگە | نموونە |
|---|---|---|---|
| 30 | 28 | 1200 | 314 |
| 50 | 45 | 1300 | 321 |
| 75 | 64 | 1400 | 326 |
| 100 | 81 | 1500 | 331 |
| 120 | 94 | 2000 | 351 |
| 150 | 111 | 2500 | 364 |
| 200 | 136 | 500 | 392 |
| 250 | 157 | 7500 | 403 |
| 300 | 176 | 1000 | 408 |
| 350 | 192 | 20000 | 417 |
| 400 | 206 | 30000 | 419 |
| 450 | 219 | 40000 | 421 |
| 500 | 230 | 50000 | 422 |
| 600 | 259 | 100000 | 424 |
| 650 | 257 | 150000 | 424 |
| 700 | 265 | 20000 | 424 |
| 800 | 278 | 250000 | 425 |
| 900 | 289 | 500000 | 425 |
| 1000 | 298 | 1000000 | 425 |
| 1100 | 307 | | |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان

بەشی کۆمەڵناسی/ قۆناغی ماستەر

## پاشکۆی (2) فۆرمی پێوانە

خوێندکاری بەڕێز :...........

ئەم فۆرمەی لەبەردەستدایە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستیە,بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری کۆمەڵناسی , بە ناونیشانی (بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ ) ,بۆ سەرکەوتنی توێژینەوەکەش پێویستمان بە هاوکاری ئێوەی خوێندکارە , داواکارین هاوکارمان بن لەسەرخستنی توێژینەوەکە و پڕکردنەوەی تەوای بڕگەکان .

| | |
|---|---|
| بەسەرپەرشتی | خوێندکاری ماستەر |
| پ.ی.د. پەیمان عبدالقادر مەجید | شنۆ حسن عبدالصمد |

تێبینی :

1. پێویست بە ناو نوسین ناکات .

2. نیشانەی ( √ ) لە ناو خانەی گونجاو دابنێ .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**یەکەم : زانیاریە تایبەتیەکان :**

1 . **ڕەگەز :** **نێر** (   ) **مێ** (   )

3 . **پسپۆڕی :** **زانستی سروشتی** (   ) **زانستی مرۆڤایەتی** (   )

5. **قۆناغی خوێندن :** **یەك** (   ) **چوار** (   )

6. **شوێنی نیشتەجێ بوون :** **دەرەوەی شار** (   ) **ناو شار** (   )

7. **تەوەرەی یەکەم : بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود**

| ژ | بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | بڕیارم نەداوە | لەگەڵیدا نیم | زۆر لەگەڵیدا نیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کات تەرخان دەکەم بۆ خوێندنەوە و خۆ ڕۆشنبیر کردن | | | | | |
| 2 | هەوڵ بۆ هێنانەدی ئاما نجەکانی خوێندم دەدەم . | | | | | |
| 3 | هوشیارم بەرامبەر مافەکانم . | | | | | |
| 4 | بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانم پشت بە خێزانەکەم دەبەستم . | | | | | |
| 5 | کاتەکانی پشوم بە گەڕان بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بەسەر دەبەم . | | | | | |
| 6 | کێبرکێی زانستی و ئەکادیمیم زیاترە بە بەراوورد بەگرنگی دان بەڕوخسار و مۆدێلات . | | | | | |
| 7 | بێ هیوام لەداهاتووی خوێندنەکەم . | | | | | |
| 8 | لە پلانی ڕۆژانەمدا کاتم تەرخان کردووە بۆ خۆشگوزەرانی خودی . | | | | | |
| 9 | بەشدار نابم لە کۆڕ و سیمینارەکانی زانکۆ چونکە بەفیڕۆدانی کاتە . | | | | | |
| 10 | هوشیارم بەرامبەر چۆنیەتی پاراستنی تەندروستی جەستەم . | | | | | |
| 11 | ڕۆژانە کاتێکی زۆر بە نوستن و پشوودان بەسەر دەبەم | | | | | |
| 12 | هەر کێشەکەم ڕووبەڕووببێتەوە خۆم چارەسەری دەکەم و ڕاوێژ بەکەسانی تر ناکەم . | | | | | |
| 13 | هوشیارم بەرامبەر ئەرکەکانم وەك خوێندکارێك لە زانکۆ | | | | | |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **14** | خوێندنی زانكۆ تەنها وەك قۆناغێك لە قۆناغەكانی خوێندن بەڕێ دەكەم . | | | | | |
| 15 | گرنگی بە بەدەستهێنانی مەعریفەی نوێ دەدەم . | | | | | |
| 16 | كاتم تەرخان كردووە بۆ وەرزشكردن و گرنگی دان بە تەندروستی جەستەم . | | | | | |
| **17** | هەوڵەكانم سنوردارن لەژیان چونكە ڕۆڵم لە دیاری كردنی ئایندەم لاوازە . | | | | | |

8. تەوەرەی دووەم : بەرپرسیارێتی كۆمەلأیەتی بەرامبەر زانكۆ

| ژ | بڕگەكان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | بڕیارم نەداوە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدا نیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دەستپێشخەری دەكەم لە خستنەڕووی هزری نوێ بۆ خزمەتكردنی زانكۆ . | | | | | |
| 2 | بەشدار دەبم لەو چالاكیانەی دەبێتە هۆی پێشكەوتن و گەشەكردنی زانكۆ . | | | | | |
| 3 | هاوكاری هاوڕێكانم دەكەم لە كاتی پێویستدا . | | | | | |
| 4 | وانەكانی زانكۆ هاوكارم بوون لە وشیار بوونم بەرامبەر بەرپرسیارێتی كۆمەلأیەتی . | | | | | |
| 5 | پابەندم بە ڕێنماییەكانی زانكۆ . | | | | | |
| 6 | ئامادەی وانەكانم ڕۆژانە لەكاتی خۆیدا . | | | | | |
| 7 | ئەركەكانی خوێندنم بەو پەڕی تواناوە جێبەجێ دەكەم . | | | | | |
| 8 | كتێبخانەكانی زانكۆ بەسوودن بۆم لە كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر بابەتەكانی خوێندنم . | | | | | |
| **9** | یاساكانی تاقیكردنەوەم لا پەسەند نیە . | | | | | |
| 10 | هێمنی زانكۆ و هۆڵی وانەخوێندن دەپارێزم . | | | | | |
| 11 | مافەكانم وەك خوێندكارێك لە زانكۆدا پارێزراوە . | | | | | |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 12 | داوای لێبووردن دەکەم بۆ هەر هەڵەیەك كە بەرامبەر مامۆستاکانم بیکەم . | | | | | |
| **13** | خاوێن ڕاگرتنی هۆڵی وانە خوێندن ئەرکی کارگوزارەکانە . | | | | | |
| 14 | دەستپێشخەری دەکەم لە هاوکاری کردنی مامۆستاکانم بۆ هەر کارێك خزمەت بە زانکۆ بکات | | | | | |
| 15 | بە هاوبەشی لەگەڵ هاوڕێکانم تاوتوێی کێشەکانی زانکۆ دەکەم . | | | | | |
| 16 | خۆم بە بەرپرس دەزانم بەرامبەر پاراستنی کەل و پەلەکانی هۆڵی وانە خوێندنی زانکۆ . | | | | | |
| 17 | ئەو ئەرکانەی لە چالاکیەکانی زانکۆدا پێم دەسپێردرێت بەو پەڕی تواناوە جێبەجێیان دەکەم . | | | | | |
| 18 | کتێبەکانی کتێبخانە لەوادەی خۆیدا دەگەڕێنمەوە | | | | | |
| 19 | پسپۆڕی بەشەکەم هاوکارم دەبێت لە دەستکەوتنی کار لە داهاتوودامدا . | | | | | |
| 20 | دوای تەواو بوونی وانەکان ئامێرەکارەباییەکانی هۆڵەکانی وانەخوێندن دەکوژێنمەوە . | | | | | |

9. **تەوەرەی سێهەم: بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر کۆمەڵگە**

| ژ | برگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | بڕیارم نەداوە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدا نیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بە پێی توانام هەوڵی ئاگادار بوون لەڕووداوەکانی کۆمەڵگە دەدەم . | | | | | |
| 2 | سەرکەوتنی پرۆژەکانی شارەکەم بە سوودی داهاتووی خۆم دەبینم . | | | | | |
| 3 | هەست بە خۆشی دەکەم کاتێك سەرچاوەیەکی سامان لە وڵاتەکەم دەدۆزرێتەوە . | | | | | |
| 4 | مەترسی هەندێك لە کێشەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ هاوڕێکانم تاوتوێ دەکەم . | | | | | |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | **لە كۆمەڵگەدا مافەكانم وەك گە نجێك بپارێزراوە.** | 5 |
| | | | | | **هەر كارێكی نایاسایی ببینم بە زوترین كات لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار ئەكەمەوە .** | 6 |
| | | | | | **بەشداری كاری خۆبەخشی دەكەم بۆ خزمەتكردنی كۆمەڵگە .** | 7 |
| | | | | | **پابەندم بە نەریتەكۆمەڵایەتیە باوەكانی كۆمەڵگەوە .** | 8 |
| | | | | | **پاراستنی شوێنە گشتیەكان بەئەركی حكومەتی دەزانم .** | **<u>9</u>** |
| | | | | | **دڵخۆشم لە كۆمەڵگەدا وەك گە نجێك گرنگیم پێ دەدرێت .** | 10 |
| | | | | | **گرنگی بە پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان نادەم .** | **<u>11</u>** |
| | | | | | **ئەتوانم كاریگەریم هەبێت لەسەر پێشكەوتنی كۆمەڵگە .** | 12 |
| | | | | | **پابەندم بە یاسا تەندروستیە گشتیەكانەوە .** | 13 |
| | | | | | **ڕێگرم لە هاوڕێكانم كاتێك بیانەوێ زیان بە موڵكی گشتی بگەیەنن .** | 14 |
| | | | | | **تۆڕەكۆمەڵایەتیەكان بەكاردەهێنم بۆ هوشیاركردنەوەی كۆمەڵگەكەم لە كێشەكانی .** | 15 |
| | | | | | **هاوكاری كارمەندانی ئاسایش و پۆلیس دەكەم لە پاراستنی ئاسایشی كۆمەڵگە .** | 16 |
| | | | | | **لە كۆمەڵگەكەم پەراوێز خراوم بۆیە خۆم بە بەرپرس نازانم بەرامبەری ئەركەكانی .** | **<u>17</u>** |



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 [http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4](http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR), December.2020**

**پاشکۆی ( 3 ) ڕاستێتی فۆڕمی پێوانەی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی**

| ژ | ناوی پسپۆڕان | پلەی زانستی | پسپۆڕی | پۆست | ژمارەی پرسیاری پەسەندکراو | ژمارەی پرسیاری پەسەندنەکراو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | د. ئاسۆ ابراهيم عبدالله | پرۆفیسۆر | کۆمەڵناسی | نیە | 48 | 6 | ٪88.88 |
| 2 | د. صابر بكر مصطفى | پرۆفیسۆر | دەرونزانی پەروەردەیی | سەرۆکی بەشی باخچەی منداڵان | 51 | 3 | ٪94.44 |
| 3 | د. حسن فخرالدين خالد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونزانی پەروەردەیی | یاریدەدەری ڕاگر | 54 | نیە | ٪100 |
| 4 | د. مراد حكيم | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | تیۆری کۆمەڵایەتی | نیە | 52 | 2 | ٪96.29 |
| 5 | د.کەژاڵ حسين محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | سەرۆك بەش | 51 | 3 | ٪94.44 |
| 6 | د. نجاة محمد فرج | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | نیە | 53 | 1 | ٪98.14 |
| 7 | د. ڕزگار مصطفى غفور | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کاری کۆمەڵایەتی | سەرۆك بەشی کاریکۆمەڵایەتی | 49 | 5 | ٪90.74 |
| 8 | د.عبدالصمد احمد محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەروونناسی پەروەردەیی | بڕیاردەری بەشی باخچەی منداڵان | 53 | 1 | ٪98.14 |
| 9 | د.نیان نامق صابر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | فەلسەفەی پەروەردەیی | نیە | 51 | 3 | ٪94.44 |
| 10 | د. کوردستان عمر محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کاری کۆمەڵایەتی | نیە | 54 | نیە | ٪100 |
| 11 | د. هەناو حسن محمد خان | مامۆستا | دروستی دەروونی | بەڕێوەبەری سەنتەری جێندەرناسی | 53 | 1 | ٪98.14 |
| 12 | م. خۆشی لطيف طه | مامۆستا | دەرونزانی کۆمەڵایەتی | نیە | 54 | نیە | ٪100 |
| کۆی گشتی | | | | | 623 | 25 | ٪96.14 |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020